# کەتۆ دێیت ڕەنگی بەیانییم لێدەنیشێت



دلاوەر قەرەداغی

یارییەکانم بڵاو دەکەمەوە
جاددەکانم ڕادەخەم
هێڵی شەمەندەفەرەکانم ڕادەکێشم
ئۆتومبێلەکانم دەخەمەئیش
تەنووری نانەواخانەکانمدادەگیرسێنم
نوور دەکەمەئینجانەکانمەوە
گۆڕەپانەکانمپڕ دەکەم لەبەیانی
سۆندەدەبەستم لەسێو و
هەیوان و حەوشە و بەر دوکانەکانم دەشۆم
چاویلکەکانم بەبینین دەسڕم
تۆزێک باران لەخۆم دەدەم
ئەویتریشی دەدەمەمناڵانی گەڕەک
لەدواوەبەئەسپایی
دەکێشم بەسەر شانی تەنیاییدا
دەستی چەپم دەکەمەملی و
دەستی ڕاستم دەکەم بەگیرفانما و
نوقڵێکی بەش دەدەم
ملیوانەی چرچبووی مناڵیی
ڕێک دەکەمەوە
دادەنەومەوەو قوڕی دەرەلینگی پانتۆڵەکەی
دەپروێنم
قەیتانی کالەکانی بۆ دەبەستم
بەتامی بەرسیلە بوغز سوێند دەدەم
زۆر بۆی دانەچێ ... ژیان کورتە
تەوقەیەکی گەرم لەگەڵ خەیاڵدا دەکەم
سڵاوێکی شیرین دەنێرم بۆ مێروولە
ئافەرینێکی قشت بۆ هەزارپێ
هەر بژییەکی ڕەنگاوڕەنگ بۆ ڕێحان
پیرۆزباییەکی تەڕ لە حاجیلە
سەرەخۆشییەکی گەورەلەپڵنگ
وەک پادشا
خۆ دەکەم بەقاوەخانەکەمدا
کورسییەکان دهێنمەبەر دەرگای شیعر
بەردەکان ئاورشێن دەکەم
قاوەیەک لێدەنێم
ئینجا لەبەر هەتاوەکەدا
قاچ لەسەر قاچ دادەنیشم
زوو زوو لەکاتژمێرەکەم دەنۆڕم و
چاوەڕێت دەکەم!
کەتۆ دێیت وەک ترس دەرەومەوە
وەک دڵ دێمەخورپە
وەک درز دەکەومەزەمەن
کەتۆ دێیت
ڕەنگی بەیانییم لێدەنیشێت
بۆنی قاوەدەگاتەئەوسەری جاددەکانم
وەک شۆستەی تەڕ
دەکەوێتەبرژانەوەچاوم
بەفیچقەی تەقینی دەنکێک هەنار
لەژێر پێی ڕێبوارێکی زویر
کەتۆ دێیت
پڕ دەبم لەگرمەی پشکوتنی بەیبوون
لەخرمەی قڵیشبردنی ئەرز
پڕ پڕ لەهاڕەی شکان و
پڕ لەزرمەی هەڵدێرانەنێو خەرەند و
لەوڕەی هەڵکردنی شنەی مردن!
کەتۆ دێیت ئیتر ناترسم لەوەی بەیانییەک
بێت و
نەتوانم یارییەکانم بڵاوبکەمەوە
نەتوانم جاددەکانم ڕاخەم
ناترسم لەوەی سەدەیەک بەجانتایەکەوە
بەدیار هاتنی شەمەنەفەرێکەوەڕاوەستم
کەتۆ دێیت ناترسم لەوەی
بەیانییەک ڕۆژبێتەوەو
نەتوانم پیکابەکانم بەباری نەعنا و هەڵوژەوە
بۆ شارەکانی دونیا بئاژووم
کەتۆ دێیت
ناترسم لەوەی بەیانییەک بێت و
دەستم نەگاتەئاودانی ئینجانەکان
دەستم نەگاتەدەرگا کردنەوەو
لەدەرگادان!
کەتۆ دێیت ژیان سادەدەبێتەوە
سادەتر لەهۆنینەوەی ملوانکەیەکی پچڕاو
ساکارتر لەخۆهەڵدانە
نێو خەڵوەتی سەحرای زاەیدێک و
هەڵقوڕاندنی جامێک ئاو
کەتۆ دێیت
مردن دەبێتەشتێکی هاسان
وەک بازدان بەسەر جۆگەیەکدا
وەک داکەندنی کراسێکی دڕاو
وەک هەڵزنینی نیوەڕوانی منداڵیی
بەدیواری ماڵی شاعیرێکدا و
ڕووشانی ئانیشک و
تەماشاکردنێکی خێرای
قژداهێنانی ئاوێنە..بەشانەی بالەبەر هەتاو
کەتۆ دێیت ...دونیا دەکەوێتەوە
سەر ڕیتمی خۆی
وەک فووکردن لەنانێکی گەرم
وەک هەڵگرتنەوەی موفەڕکێک لەچەقی ڕێگا
وەک سەر بەرزکردنەوەو ڕوانین لەخاڵێکی
ئێجگار دوور
کەتۆ دێیت تەنیایی
وەک هەرمێیەکی گەییو دادەگیرسێ
کەتۆ دێیت
جووڵەدەکەوێتەسکون
وەک بەرد گرتنەعەکسی مانگ
لەناو ئەستێرکێکدا
وەک کتوپڕ خۆکردن بەنیوەڕۆخەوی
قووڵی کۆڵاندا و
شەقهەڵدان لەقوتوویەکی قوپاو
کەتۆ دێیت
من ئازایەتییم تێدەڕژێ
بۆ ژیانکردن بەجۆرێکی تر
بۆ دڵنەبەستن بەهیچ شت
بۆ ئازادبوون لە هەموو شت
کەتۆ دێیت
من یارییەکانم بڵاودەکەمەوە،
نوور دەکەمەئینجانەکانمەوەو
ڕەنگی باران دەگرم
کەتۆ دێیت من ئێجگار ئەوەندە ناترسم !

ئەپریلی٢٠٠٨

# دلاوەر قەرەداغی .. هەوادارانی شیعری ئاشتکردەوە

حەمەی ئەحمەد ڕەسوڵ

ئانتۆنیۆ گالا ، ڕۆمانـنوسی نوێخوازو مۆدێرنی ئیسپانیی دەڵێ :" چەند خۆشە لەنێو ئاپۆرەو قەرەباڵغیو ژاوەژاوی ئەم سەردەمەدا ، دەقێکی ناسكو جوانت بێتە بەردەست کە تۆزێك پشوو بەجەستەو مێشك بدات ، ئاسوودەییو بەختەوەریش بەرۆحت ببەخشێت " .

ئەگەر بەخێرایی خەتو هێڵی بەیانی لەم دەقە شیعرییەو ( شیعرەکانی دیکەی دلاوەر قەرەداغیدا) وەرگرین دەستبەجێ ئەوەمان بۆ ئاشکرا دەبێت کە دەنگێك هەیەو دەیەوێت لەو ژاوە ژاوو ئاپۆرەو زۆرو بۆرییە جیابێتەوە ... دەنگی نەوەی سەردەمەکەی خۆیەتیو تۆزقاڵێکی تێپەڕاندووە ... دلاوەر بەهێمنی لەدوێنێی وێژەی کوردی هەڵگەڕاوەتەوە ...دەیەوێت بەهزرو ئەقڵێکی مۆدێرنەوە فۆرمو ناوەڕۆك سەرلەنوێ بونیاد بنێتەوە .. بە ئاوازو ریتمو زمانێکی دیکە ئاخاوتن ساز بکات ... زمانێکی سادەو شێوازی نوێی دەربڕین بێنێتە ئاراوە ...کەچی چڕیو قەرەباڵغییەکی ناسكو تۆکمە وەکو باکگراوندێك باڵ ئەکێشێت بەسەر سیاقە شیعرەکەییدا ، بیناو هەیکەلی دەقە شیعرییەکەی بەژمارەیەك پەنجەرە رازاندۆتەوە کە پڕییەتی لە وێناو وێنەی شیعری کورتو دێڕو ڕستەی شیعری ڕەنگاو ڕەنگ کە هەر یەکەیان لەخشتو بەردێکی نەقاڕی لێك جوودا ، تەرکیب ساز دەکات ...!

زمانی شیعریی دلاوەر لەم دەقەدا ، زیاتر لەئێستاتیکاوە نزیکترە وەك لە ڕەوانبێژی ، کیمیای نێوان وشەکان ئاوێتیەكو هارمۆنیایەك بە ڕستەکان دەبەخشن کە وشەکانی وەکو (جادە ، نوور، زەمەن ..هتد) لەئاخاوتنی ڕۆژانەدا بەکاری دێنین بەلاّم تەوزیفکردنی لەدەقەکەدا زمانێکی سادەی بێ گرێو گۆڵ و خۆشڕەوی پێبەخشیوە ، لەبەر ئەوەی کارێکی کیمیایی لەنێو وشەکاندا ئامادەیە ، هارمۆنییەتو موزیکی دەستەبەر کردووە ،کەزمانێکی تایبەتەو لەچەشنی حەشیشو تریاك خوێنەر سەرمەستو سەرخۆشەکات ... کە دوورە لەزمانی شیعری ڕێژەیەکی بێشوومار لەشاعیرانی دوای ڕاپەڕین کە تەنها نەزیفی وشە بەرپادەکەنو خوێنەری شیعریان تۆران (کەبەهەزاران بوون ! ) ... ئەم دەقەی دلاوەر ،وشەوپیتی زیادەی تیانیە کەسەری خوێنەری تۆراو بشکێنێ ....وەك چۆن شاعیری مەکسیکی مەزن ،ئۆکتافیۆ پاز لەمبارەیەوە وتویەتی :" شاعیر لەزەڕەنگەرێك دەچێت کە بەمسقاڵ پیتو وشە بەکاردێنێ !" .

ئەم دەقە تەمومژو هێماو ڕەمزی نوغروو بێمانای تیدا بەدیناکرێت. ئەم زمانە ئاشناو هۆگرە بەهەمووومان ، بەلاّم سرکیو بزێویو عەجوولییەکی ئەوتۆیان تێدایە کە بۆخوێنەر وەکو گەمەی دەروونیو زاخاوی مێشكو ئاسوودەیی خەیاڵو ئەندێشەی هەڵدەسوڕێتەوە ...!

وێناو وێنەی شیعری ڕستەکانی ئەم دەقە لەگرتەو لەقتەیەکی فۆتۆگرافیو فیلم دەچن ، کە ئەوەندە وەستایانە سازاون لە هایکۆی شیعریی ژاپۆنی دەچن، ڕستەو کۆپلەکان لێوانلێون لە وێنەو دیمەنی خێراو کورتو سرك کە قەرەباڵغی لەبڕگەو ڕستەدا پێك هێناوە ،بەلاّم بۆتە هارمۆنیاو ریتمی مۆسیقاو ئیقاعێکی نەرمو ناسك کەسەرەنجام تەکنیکی تۆکمەو پتەو ئامادەگی هەبێت کە وشە سازیو ڕستەبەندیو بونیادی نێوان جومگەو بڕگەکانی ئەم دەقە فەراهەمیانکردووە ...!

دال لەم دەقەدا زویرو تۆراوە لەمەدلولی حازر بەدەست ، بەڵکو چاوەڕواننەکراو شۆکئامێزن ، پێکەوە گرێچن کراون بەفانتازیاو ئەندێشەیەکی سركو بزێوو (کاسپەر) ئاسا بەنێو مێشکدا ڕەتدەبێو خەون بەجێدێڵێ ... ئەم دەقە سیخناخە لەوێنەی هایکۆ ئاسا ، کە خێراخێرا کاتو شوێن لەسیاقی دەقەکەدا بینادەکرێتەوەو دەخەملێت... کەوا لەخوێنەر دەکات پرۆسەی خوێندنەوەی بەردەوام بەرەو پێشەوە بباتو لەگەڵ بیرکردنەوە لەوەی پێشوودا هاتو نهۆمی چین چین لەزاکیرەدا بنیات بنێ . کە وەکو ئەوە وایە بەنێو باخچەیەکدا بڕۆیتو بەرچنەگوڵ ریزکرابن ،تەماشای یەك بەیەکیانبکەیتو کاتو توانات نەبێت چاویان تێر پیادا بخشێنیتەوە ..!

لەم دەقەدا هزرو مەعریفە ئامادەیە بۆ بنیاتنانی زەینی سركو بزێو کە وەکو یاقوتو مرواری ئەبریسکێنەوەو نەبینراون ( لامەرئین) و هەرگیز بەدەست ناگیرێن ، زۆر ئازادو سانا ، مۆسیقای ناوەکیو دەرەکی خەملێوە ،دلاوەر لەم دەقەداو (لەزۆربەی دەقە شیعرییەکانیدا) پێماندەڵێت : کە زمانی شیعر زمانێکی ئاسانو سادەیە زمانی ئاخاوتنو قسەکردنە ،بەلاّم هزرو خەیاڵو خەرواری مناڵیی قووڵە ، چوونە ژێرپێستو و بارگاوییە بەفەنتازیاو ئیستانیکا ، وێنەو وێناکان لەسەر زمانی هەمووومانەو نامۆنین ،بەلاّم بۆچی ئێمە ناتوانین ئاوەها کۆنکریتیو سفتو لووس دایانڕێژینەوە ...!؟

ماوەتەوە بڵێین ، کاریگەری دلاوەر بەشیعری نوێی فارسیو جیهانیو (ڕەنگە کوردیوعەرەبیش) جێی مشتومڕی نییە ، کاریگەری دلاوەر بە شیعری فەروخزادو سەهراپو شاملۆ ، هەتا سەر ئێسقانە ...! بەلاّم لێرەدا وەلاّمیش ئامادەیە بۆ ئەوەی کە ڕووی سووری داهێنەرانەو ئافەریدە کاری ئەم شاعیرە نوێخوازە ئاشکرا بکەینو بڵێین :کەم نین ئەو شاعیرو نووسەرانەی لێرەو لەوبەر (ڕۆژهەلاّت) کە فارسی ئەزانن و شیعرەکانیان دەرخو ئەزبەرە کەچی کەمیان لەهاوتەمەنەکانی دلاوەر توانیوویانە تووڵەڕێیەکی ڕۆشن ڕەنگ ڕێژ بکەن بۆوەی دەنگی تایبەتی خۆیان بانگەشە بکەنو بانگەوازی مژدەی جیاوازیو تایبەتمەندێتی هەڵبدەن .

شیعرەکانی دلاوەر ئەوە دێنن کە زۆرو زۆرتریشی لەسەر بنووسرێ وەلی لەئەدەبی ئەمڕۆماندا بێدەنگییەکی کوشندەو سامناك باڵی بەسەر کایە زیندووەکانی ژیانماندا گرتووە ، ڕەخنەی ئەدەبی بە گازەرای پشتا بۆی پاڵکەوتوە !

ڕەخنەو تۆژینەوەی زانستی ،هەوڵی دیاریکردنو پۆلێنردنو خوێندنەوەیەکی زانستیانە دەدەن بۆ بوارەکانی مەعریفەو زانینو ژیان ، بەلاّم ئەفسووس ، ئەو هەموو دەقو وتارە جوانانە دەچنە نێو خانەکانی بیرچوونەوەی زەمەنێکەوە کە ڤایرۆسی کوشندە لێی داوە !.